**بۆکان لە ئەمرۆ و لە مێژوودا (٢٣)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## بۆکان و ناوچەی بۆکان لە کتێبی (وەردانەوەی ژیان) دا

نووسینی : محەمەد بۆکانی (بێکەس)

من ناوم محەمەد و ناوی باوکم ئەحمەدە. بە ئەحمەد شیرین ناسرابوو. لە کۆنە بەگەکانی یەکشەوە بووە. یەکشەوە گوندێکە سەر بە شاری بۆکان. وەک باسدەکەن بەگیشی هەیە و ئیتر نازانم چۆناوچۆن بووە کە باپیرەم لەو گوندە نیشتەجێ بووە. بەرەی باپیرم خوشک و برایەک بوون. خوشکەکەی ناوی وەجیها بووە . لە گوندی قازڵیان شووی کردووە . لە باوکم چکۆڵەتر بووە . چوار کوڕ و کچی بووە و پاشان مردووە. خوا عافووی کات بۆ دایکم زۆر باش بووە. باوکم هەر زۆر زوو دایک و باوکی دەمرێ و لەگەڵ ئەو خوشکەی بەتەنیا دەمێنیتەوە. مامێکیان دەبێت ئەوان دەباتە لای خۆی و سەرپەرستییان دەکا تا گەورە دەبن. ئامۆژنەکەیان زۆریان لەگەڵ خراپ دەبێت.




ئەوکات زەمانی ئاغا و دەرەبەگایەتی بووە. کەس خاوەنی زەوی و زاری خۆی نەبووە.  ئەوەی بووە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی ئاغادابووە. هەر کارێکی پێیان خۆش بووە دەگەڵ خەڵکیان کردووە. ئەو ئاغا و دەرەبەگانە سەرانە،باجوخەراج، دەودووی هەموو شتێکیان لە خەڵک وەرگرتووە. بێگاریان بە خەڵک کردوووە . لەگەڵ ژاندارمەش هاوکاربوون بۆ پێملکردنی خەڵک.

من بە سجیل ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی حەسار لە دایک بووم. .نازانم چۆن دەبێت ماڵمان دەچێتە گوندی بۆگەبەسی. بابم لای ئەو ئاغایانە وەزعی باش دەبێت. ژیانێکی خۆشیان دەبێت.

### ژیانی منداڵی

قاراوا:

گوندێکی گەورەیە لەسەر لێواری چۆمی تەتەهو هەڵکەوتووە . نزیک بە بۆکانە. بەهاران کە چۆم زیاددەکا وەک نیمچە جەزیرەی لێدی. خەڵکی ئەو گوندە هەموویان هەر لە منداڵیەوە فێری مەلە دەبن . لە چاو گوندەکانی دەوروبەر خەڵکەکەی زۆر وریا و بۆ کاروباری گوندەکەیان زۆر لە ناوخۆیاندا تەبان . خەڵکەکەی زۆر میواندار و غەریبگرن. گوندێکی سەرسەوزە  و باغ و باغات و بەرهەمی کشت و کاڵی زۆرە. ئەو کاتەی من چووم بۆ قاراوا هەر زەمانی ئاغاو دەرەبەگایەتی بوو . لە قاراواش هەروەک زۆربەی گوندەکانی کوردستان مەدرەسە و قوتابخانە نەبوو . لەویش هەر ئاغا حوکمی بەڕێوە دەبرد. هەر نۆکەر و داروەستە و کوێخا و گزیری ئاغا و ژەندەرمە حاکم بوون. لە بری ئەوەی قەڵەم و کاغەز بە دەستەوە گرم و بچمە قوتابخانە ، دارێکیان دادەستم . هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە دەبوایە بە دوای گوێلک و بەرخەوە هەڵاتبام.

ئەوزەمانە دەیانکوت ئەو ناوچەیە چەتەی هەیە . لە پێشدا کابرایەک بە نێوی رەحیمی ئەول لەو ناوە پەیدا ببوو کە پووڵ و پارەی لە دەوڵەمەند و ئاغا و دەرەبەگەکان بە زۆر وەردەگرت بەڵام دژی ژاندارمەش بوو.

وەک بزانم ساڵی ٤٥،٤٦ بوو لە هاتووچۆی رێی قالوێ من تووشی پێشمەرگە بووم. لام وابوو ئەوانەش هەر چەتەن. بەڵام وەک چەتە نەدەچوون. ئەو ماڵەی من دەچووم بە داخەوە ناوەکەیانم لە بیرنەماوە، لە خاوەن ماڵەکەم پرسی ئەوانە چەتەن؟ ئەو گوتی نا رۆڵە ، ئەوانە پێشمەرگەن و کاری خراپ ناکەن ، هەر دژی دەوڵەت و ژاندارمەن. چونکە ژاندارمەکان خەڵکیان عەزیەت و ئازاردەدا بێ ئەوەی بیانناسم، لە خۆڕا خۆشم دەویستن . من چەندجار تووشیان بووم . منیان بە منداڵ دەزانی و دەشیانزانی من خوێندەواریم نییە . کاغەز و شتیان دەدامێ بیبەمە قەرەگوێز و شاریکەند کە لەسەر رێگەم بوون . منیش ئەوکارەم دەکرد.

لە ساڵەکانی ٤٦/ ٤٧ جووڵانەوەیەکی چەکداری لە کوردستانی ئێران سەری هەڵدابوو. لە ناوچەی بۆکانیش جارجار کەم و زۆر چەکدار پەیدادەبوون . ئەم دەنگۆیە لە ناوچەدا دەنگی دابۆوە. زۆر کەس دەیزانی. مەسئولەکەیان نەفەرێک بوو بە ناوی سەید فەتتاحی نیزامی . چەندجار من چاوم پێیکەوتبوو. هەروەک باسم کرد نامە و نامیلکەم بۆ دەبردن بۆ ئەملاوئەولا. ئەوانە زۆرتر لە دەوروبەری قالوێ و قەرەگوێز دەبوون . رژیم بەوانەی دەگوت چەتە. دیارە رژیم لەوبارەوە زۆری پروپاگەندە دەکرد. زۆر کەس وایدەزانی ئەوەی رژیم دەیڵێ راستە و باوەڕیاندەکرد. بەڵام زۆر کەسیش دەیزانی ئەوانە کەسانی زۆر باشن ، تەنانەت نانیان بەزۆر لە خەڵک وەرنەدەگرت.

ئەوانە پێشمەرگەن و لە ناوچەدان. زۆر جار دەماندی کە ژاندارمە و چەکداری کورد کە بە دلاوەر و چریک دەناسران، هاوکاری رژیم بوون، بەرەو شاریکەند و قەرەگوێز لە هاتووچۆ دابوون . هەر جارەش کە هێرشیان دەبرد دەیانکوت چەند نەفەریان لێکوژراوە بەڵام بە داخەوە پێشمەرگە ئەوەندەیان هێز نەبوو کە بتوانن لە بەرامبەر ئەو هەموو هێزەی رژیم و چەکداری کورد خۆ راگرن. سەرەنجام لە شەڕێکی نابەرامبەردالە کێوی حاجی کیمی لە نزیک گوندی قەرەگوێز ، تووشی شەڕ بوون. لەو شەڕەدا سەید فەتاح نیزامی و چەند کەس لە هاورێکانی شەهید بوون. شەهیدبوونی ئەوان لە ناوچەکەدا زۆری دەنگ داوە . زۆر کەسی بە راستی داغدار کرد. منیش یەکێک بووم لە وانە . رژیم زۆر بە شێوەیەکی ناشیرن و دزێو لەگەڵ تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدانە جووڵاوە. تەرمەکانی خستە دوای ماشێن و بە نێو خەیابانەکانی شاردا گێڕانی . رژیم دەیویست بەو کارە خەڵک چاوترسێن بکات بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بەمکارە زیاتر لێیان بێزاربوون.

لەو ساڵەدا زۆرکەس گیران و رەوانەی زیندانەکانی رژیم کران ، زۆر کەسیش ئاوارە بوون. لە هێزی پێشمەرگە کەس لە ناوچەدا نەمابوو لەبەرئەوەی سەرکردەکانی ئەو جووڵانەوەیە زۆربەیان شەهید ببوون و ئەوەی مابووش لێک بڵاو ببوون. بەداخەوە ئەو جووڵانەوەیە بە هۆی کزی و لاوازی خۆیان و لە لایەکی تر هێزی زۆری رژیم و کوردە چەکدارەکانی سەر بە رژیم ، نەیتوانی لەوە زیاتر لە کوردستانی ئێران بمێنێتەوە . بە ناچاری بەرەو کوردستانی عێراق، کشانەوە. سەرانی ئەو جووڵانەوەیەش لە کوردستانی ئێران و عێراق شەهید کرابوون. ئەوەی مابوونەوە چووبوونە کوردستانی عێراق ، ئاوارە ببوون و هەریەکەی لە شوێنیک بڵاو ببوونەوە .

زستانی ئەو ساڵە لەگەڵ مستەفای رەفیقم زۆرمان بیرکردەوە کە چی بکەین.هاتینە سەر ئەوەی کە برۆین. چووینە بۆکان دووسێ رۆژ ماینەوە. لە یازدەی رەشەممەی ساڵی ١٣٤٧ لەگەڵ رەفیق و هاورێ و برادەری هەمیشەییم، مستەفای عەبدی لە بۆکان وەدەرکەوتین. چووین بۆ سەدی بۆکان . ئەو کاتە سەدەکە تەواو نەببوو. بۆ شەو چووینە گوندی قەڵەندەر . چووینە ماڵی مام قادر کە وەختایەک ماڵی لە قاراوا بوو. پێیاندەکوت قالە قەڵەندەری. زۆری قەدر گرتین و تا دوو رۆژ نەیهێشت برۆین. پاش دوو رۆژ لە قەڵەندەرەوە چووین بۆ سەقز.

### گەڕانەوەم بۆ وڵات سەرەتای ساڵی ١٣٥٨

دوای یەک هەفتە لە بۆکانەوە هاتن بە دوامدا . منیان بردەوە بۆکان. نزیک بە ١٢ ساڵ بوو نەمدیبوو. یەکێک لەوانەی کە هاتبوون کاک ی.خ. بوو. ئەو کاتە خوێندکار بوو . بۆ شەو چوومەوە ماڵی ئەوان . بۆ بەیانی هاتن منیان بردە دەفتەری حزب. ئەو کاتە کاک سەلیم بابانزادە بەرپرسی دەفتەری بۆکان بوو. چون من پێشتر نەمدیبوو ، نەمدەناسی. بەڵام

پێیانگوتبوو ئەوە فڵان کەسە و دێتەوە بۆکان. پاشان منیان دەعوەت کردە ڕێکخراوە و بوومە یەکێک لە ئەندامەکانی ڕێکخراوەو کردیانم بە بەرپرسی بەشی نیزامیی دەفتەری بۆکان. وەک بزانم ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ١٣ کەس بوون . هەر کەسەی کاری خۆی هەبوو . من کە نیزامی بووم ، کاک رەحمان ئەسلانی کە لە رژیمی پێشوودا گروبان بوو کردیانە هاوکارم. ئەو کاتە چەک و چۆڵ زۆر کەم بوو . من ئەوانەی کە چەکیان پێبوو هەموویانم بە شومارەوە نووسی تا بزانم چەک دراوە بە کێ . چەند ڕۆژ هەروا خەریکی کار بووم تا کەمێک کارەکانمان ڕێکخست، لەگەڵ برادەران یەکترمان ناسی، هەر کەس کاری خۆی بزانێ. پاش چەند ڕۆژ من دەبوو سەری خزمان بدەم. دایکم لە بۆکان بوو بەڵام نەمدەزانی لە کوێیە. برادەرێک کوتی من دەزانم دەچم ئاگاداری دەکەم. ئەگەر ڕاستەوخۆ بچی لەوانەیە تووشی نارەحەتی بێ. پاش نیوەڕۆ کوتی با بچین بۆ لای دایکت. لەگەڵ دووسێ برادەر چووین. کوتیان خۆت مەناسێنە بزانین دەتناسێتەوە. هەموو لیباسەکانمان یەک ڕەنگ بوو. دایکم ژنێکی زۆرخۆڕاگر و بە ئیمان بوو. چاوێکی پێماندائێرا و تەماشای کردین . باوەشی بەمن داکرد و لە ئامێزی گرتم. دیار بوو لە دەروونەوە نارەحەت بوو. بەڵام خۆی ڕاگرت و زۆر نەگریا بەڵام من خۆم پێڕانەدەگیرا. بەرینەدەدام و دەستی بە سەرمدا دەهێنا و بە خۆیەوە دەگوشیم. ئەوجار منی بەردا و ئەوانیشی وەک من لە باوەش کردن و ماچی کردن. دایکم لە خانووی کرێدابوو لە گەڵ دوومنداڵ کە لە دایکەوە خوشک و برام بوون. وەزعی ماڵییان باش نەبوو.

پاشان چووم بۆ لای خوشکم لە قاراوا کە زەمانێک لە جێگای هەموو کەسی من بوو. هەر کە چاوی بە من کەوت لەسەرخۆ چوو. چوار ڕۆژ لە قاراوا مامەوە هەمیشە دەورم ئاوەدان بوو، زۆر خۆش بوو. پاش چوار ڕۆژ هاتن بە دوامدا کوتیان : کارمان زۆرە ، داوایانکردووە هەرچی زووتر بێمەوە بۆکان ، بە ناچار گەڕامەوە و چوومە دەفتەر و خەریکی کاروبار بووم. هەمیشە دەفتەر پڕبوو لە خەڵک ، لە هەموو چین و توێژێک ، فەقیر و دەوڵەمەند، ئاغاو دەرەبەگ، شێخ و مەلا ، هەر کەسەی بە نیازێک ڕووی تێدەکردین. ئێمە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لە بۆکان میتینگ بگرین بۆ ئەوەی ڕێکخراوەی بۆکانیش رەسمییەت پەیدا بکا. هەر ئەوەندەی ڕامانگەیاندحزب لە بۆکان میتینگ دەگرێ ، خەڵکێکی زۆر هاتن و ئامادەگی خۆیان بۆ میوانداری ڕاگەیاند. مێتینگ لە مەیدانی فوتباڵ پێکهات. دوکتور قاسملو لەگەڵ چەند کەس لە مەسئولین هاتبوون. دوکتور قاسملو سوخەنڕانی کرد. حزب و گورووهەکانی تریش پەیامی خۆیان خوێندەوە. بەڕاستی خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. خۆشمان باوەڕمان نەدەکرد ئەو هەموو خەڵکە لە بۆکان کۆ بێتەوە. پاشان تەواوی ئەو میوانانە ناردرانە ماڵان و بە ڕێکوپێکی دامەزران. خەڵکی بۆکان ئەوەندەیان یارمەتی کرد بەڕاستی میوانمان نەمابۆوە.

شەڕی نەغەدە

پێیان ڕاگەیاندین لە شاری نەغەدە حزب دەیەوێ مێتینگ بگرێ ، ئێوەش خۆتان ئامادەکەن. ئێمەش لە بۆکان خۆمان سازکرد و بەرەو نەغەدە وەڕێکەوتین . ڕۆژی ٣١ ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ کە گەیشتینە نێو شاری نەغەدە ، تەماشامانکردسەربانەکانی نێوشار بە مەبەستی شەڕ هەمووی سەنگەربەندی کرابوو. بەڵام حزب بەنیازی شەڕ نەبوو. ئێمە بە قەسدی شەڕ نەچووبووین بۆ نەغەدە. کەس ئامادەگی شەری نەبوو. میتینگ لە مەیدانی وەرزشی کراوە و کاک حەمەدەمینی سیراجی کە ئەودەم ئەندامی دەفتەری سیاسی حزب بوو دەستی بە قسە کرد . پاش چەند دەقیقە تەقە دەستی پێکرد. بەداخەوە شەڕێکی زۆرناخۆش بەسەر ئێمەدا سەپا. شەڕ بووە شەڕی نەتەوەیی وەک شەڕی تورک/ کوردی لێهاتبوو. حزب هیچ کات شەڕی تورک/ کوردی نەکردووە و هەمیشە دژی ئەو کارە بووە . لە نەغەدە دارودەستە زۆربوو ، بۆ ئەوەی شەڕی کورد و تورک هەڵایسێنن . لە شەڕی نەغەدەدا لە هەردووک لاوە زۆر جەنایەت کرا . بەڕاستی بۆ ئەوە نابێ کە ئینسان بیگێڕێتەوە چونکە ئەوەندە دڵتەزێن بوو . من لە هیچ کوێ و لە هیچ جێگایەک نەمدیتبوو. بە منداڵی سەربێشکەش ڕوحم نەکرابوو. هیوادارم جارێکی کە لە وڵاتەکەماندا کارەساتی وا ڕوونەداتەوە. ئەو برادەرانەی دەگەڵ من هاتبوون زۆربەیان چەکیان پێنەبوو . نەفەرێکم لەگەڵ مابوو کە خوێندکار بوو ، ئەویش چەکی پێنەبوو. تا ئەو کاتە شەڕیشی نەدیتبوو. نەمدەتوانی هەروا بە جێی بێڵم. من لەگەڵ چەندنەفەر لای کاک کەریم حیسامی مابووینەوە . بە کاک کەریمم گوت:

کەس لە شاردانەماوە. هەموو شاریان چۆڵکردووە. ئەگەر نەرۆی دەتگرن و تەواوی ئەو شەڕە بە سەرتۆدا ساغ دەکەنەوە . ئێمە تەنیا سێ چوار کەس لە دەوری تۆ ماوینەوە ، تکایە تۆش برۆ. کاک کەریم رووحی شاد بێ بە منی گوت: تۆ ئاگات لەو دەوروبەرە بێت تا من برادەرێک دەبینم دوای ئەوە دەرۆین.

کە گەڕامەوە بۆکان ، برادەران بە خۆشحاڵیەوە هیچیان بە سەر نەهاتبوو هەموو بە ساغوسڵامەتی گەڕابوونەوە.

لە بۆکان وەزع رۆژبەرۆژ دەهات ئاڵۆزتر دەبوو . ئەو سازمانانەی لە کوردستان بوون ، بە تایبەتی، بۆکانیان کردبووە ناوەندی ئاژاوەنانەوە. زۆر جار ئێمە لەگەڵیان تووشی گیروگرفتی چاوەڕوان نەکراو دەبووین بەڵام بە خۆشحاڵیەوە تووشی ناخۆشی وانەبووین دەست بەرین بۆ چەک چونکە حزب دەیگوت ئێمە ئەوانە بە میوانی کوردستان دەزانین، هەرچەند بەشێک لەوانە کاریان تەنیا دژایەتی بوو لەگەڵ حزب .

بەداخەوە شەڕی سەقز لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا روویدا. زۆر کەس کوژران و ئاوارە بوون . پاش چەندرۆژ شەڕ لە ناو شار ، هێزێکی نیزامیی زۆر لە سنەوە بەرەو سەقز هات و سەقز گیرا. لە ناوشار هەرچی بەردەستیان دەکەوت دەیانگرت و رەوانەی زیندانیان دەکرد. من برایەکم بوو بە ناوی ئەحمەد کە تەمەنی ١٥ ساڵە بوو ، لە یەکەتی لاوانی دێموکراتدا بوو . زۆر وابەستە بە من بوو . من چەند رۆژێک لە سەقز بووم، زۆر بێقەراری دەکات و خۆی پێڕاناگیرێ و لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە نان و خواردەمەنی بۆ خەڵکی شەڕلێدراوی سەقز دەبەن ، داوا لە میرزا عەوڵای جهانگیری کە مەسئوولی ماڵی و تەداروکات بوو دەکا ، لەگەڵ ئەوان بێ بۆ سەقز . هەرچۆنێک بێ میرزاعەوڵا رازی دەکات . هەر ئەو رۆژە شار گیرا و زۆر کەسیان لە خەیابان گرت ، لە ناو ئەوانەدا ئەحمەدی براشم دەگیرێ و رەوانەی زیندانی دەکەن . پاش شەو و رۆژێک ، خەڵخاڵی دێتە سەقز و زۆر کەسی ئیعدامکرد . لە ناو ئەو ئیعدامکراوانەشدا یەکیان ئەحمەدی برام بوو. بەڕاستی زۆر بۆمن سەخت بوو باوەڕ بکەم کە منداڵکارێکی ١٥ ساڵە بە بێ سووچ و تاوان و بێ دادگاییکردن ئیعدام بکرێ. ئەو دایکە پیرەم بەوە زۆر تێکچوو. بەڕاستی بە قەولی کوردی گۆچانی پیری لە دەستدا و وەک هەزاران دایکی کورد بە سەری پیری جەرگسووتاو بوو.